# ئاستی بەکارهێنانی گرافیک لەبەرهەمهێنانی راپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنیدا (توێژینەوەی هەڵێنجراو لە نامەی ماستەر )

بەختیار ئەحمەد حەمەحسێن[1]، پ.ی.د. باقر داود حسێن[2]
[1،2] بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
[2] کۆلێژی تەکنیکی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

**نووسەری پەیوەندیکار:** [1]بەختیار ئەحمەد حەمەحسێن*

---

**پوختە**
ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی بەکارهێنانی گرافیکە لە بەرهەمهێنانی راپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنیدا لە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵەکانی RUDAW وNRT، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە و تیایدا ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهاتووە بۆ وەرگرتنی مشتە (سامپڵ)ی ناهەڕەمەکی مەبەستدار لەماوەی مانگەکانی (١٠، ١١، ١٢) ساڵی(٢٠٢٥) کە شیکردنەوەی بۆ (٦٠) گەشتی هەواڵی هەردووکەناڵی ئاسمانی (RUDAW وNRT) کردوە بەمەبەستی وەرگرتنی وەڵامێکی پرسیارەکانی توێژینەوەکە.
توێژینەوەکە گەیشتوە بە چەند دەرئەنجامێک، گرنگترینیان: ( هەروو کەناڵەکە بەڕێژەی جیاواز گرافیک بەکاردەهێنن لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا، بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی مەیدانی ریزبەندی یەکەمی وەرگرتوە لە هەردوو کەناڵەکە، هەردوو کەناڵەکەبەپلەی یەکەم گرافیک بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی زانیاریە ئاڵۆزەکان بەکاردەهێنن، بەکارهێنانی گرافیکی جێگیر ریزبەندی یەکەمی وەرگرتوە لە هەردوو کەناڵەکە، کەناڵی NRT گرافیکی جوڵاو زیاتر بەکاردەهێنێت لەکەناڵ RUDAW، کەناڵیNRT گرافیکی سێ ڕەهەندی زیاتر بەکاردەهێنێت، بەڵام کەناڵی RUDAW کەمترگرافیکی سێ ڕەهەندی بەکاردەهێنێت

**وشە کلیلییەکان:** ئاست، گرافیک، بەرهەمهێنان، ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی.

---

## ١. پێشەکی

بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەتایبەت لەبواری میدیادا، کەبۆتە هۆی زۆری زانیارییەکان و خێرای بڵاوبونەوە بەتایبەت بەهۆی دەرکەوتنی ئینتەرنێت، بەوهۆیەوە تەلەفزیۆن ڕووبەڕویی ئاڵنگاری بۆتەوە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەبینەرەکانی، بەڵام تەلەفزیۆن توانیوێتی لەگەڵ ئەو داهێنانە نوێیەدا خۆی بگونجێنێت وخۆی نوێبکاتەوە، ئەوێش بەبەکارهێنانی ژانری نوێی بواری میدیای بۆ هێشتنەوەی بینەر لەدەوری شاشەکەی، یەکێک لەژانرە گرنگەکان بریتیە لە بەکارهێنانی گرافیک لە ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنیدا، ئەم ژانرە بایەخێکی گەورەی هەیە لە بەخشینی زانیاری و هەمەچەشنکردنی ڕاپۆرتەهەواڵدا، بەکارهێنانی گرافیک لەڕاپۆرتە هەواڵ لەناو گەشتی هەواڵدا، بەمەبەستی ئاسانی تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی زیاتر و پیشاندانی نەخشەو شیکاری و خشتەودیاریکردنی ڕێرەو ئاراستەی ڕۆشتن بەکاردەهێنرێت.
ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە سێ بەش، بەشی یەکەم ڕێبازنامەکەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە (کێشەی توێژینەوەکە، بایەخی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆرورێبازی توێژینەوەکە، کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە، بوارەکانی توێژینەوەکە، ئامارە شیکاری توێژینەوەکە، دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان، توێژینەوەکانی پێشوو)، بەشی دووەم بریتیە لەتیۆرینامە، یەکەم بریتیە لە گرافیک( چەمک و پێناسە، مێژوو، گرنگی، ئامانج، ئەرک، بنەما، توخم، جۆر، تایبەتمەندی، پرۆگرامەکانی دروستکردنی گرافیک)، پاژی دووەم ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی (چەمک و پێناسە، جۆر، پێکهاتە، ئەرک، ڕەگەز، تایبەتمەندی، بەشی سێهەم پێکهاتوە لە ( پراکتیکنامەی توێژینەوەکە) کە دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیازەکان و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەروو.

### ١.١ ڕێبازنامەی توێژینەوە

#### ١.١.١ کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوە

لەم سەردەمەدا کە تەکنەلۆژیایی میدیایی بەخێرایی گەشەدەکات بەتایبەت لەبواری میدیادا، لەهەمانکاتدا ناوەڕۆکە میدیاییەکانیش بەردەوام پێویستیان بە داهێنان و گۆڕانکاری و گەشەپێدانی بەرهەمە میدیاییەکانە، ئەوەش بەبەکارهێنانی ژانری میدیایی نوێ، گرافیک یەکێکە لەو ئامرازانەی کە گرنگی گەورەی هەیە بۆ ڕونکردنەوەی زانیارییەکان و دروستکردنی متمانە و سەرنج ڕاکێشانی بینەر لەناو ڕاپۆرتەهەواڵدا. بەدرکردن بە گرنگی گرافیک توێژەر هەستی بەو کێشەیە کردوە، کێشەی توێژینەوەکەی زانینی ئاستی بەکارهێنانی گرافیک لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتە هەواڵدا،
لە میانەی ئەو کێشە سەرەکییەوە توێژەر هەوڵی دەستخستنی وەڵام بۆ چەند پرسیارێك دەدات:
١-ئاستی گرنگیدانی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بەبەکارهێنانی گرافیک لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتە هەواڵدا چەندە؟
٢-کامانەن دیارترین جۆری ئەو گرافیکانەی کە لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنیدا بەکاردەهێنرێن؟
٣- ئامانجی بەکارهێنانی گرافیک لەڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنیدا چییە؟.
٤-بەکارهێنانی گرافیک لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا چی کاریگەرییەکی هەیە ؟

#### ١.١.٢ بایەخی توێژینەوە

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەچەند ڕوویەکەوە بایەخی هەیە لەوانە:
١-لەڕووی زانستیەوە: توێژینەوەکە بایەخی زانستی هەیە، لەبەرئەوە توێژەر هەوڵیداوە بە بەکارهێنانی بنەما زانستیەکان

شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن بۆ ژانرێکی گرنگی میدیایی وەک گرافیک بکات.

٢-لەرووی پراکتیکیەوە: لەرووی پراکتیکیەوە، هەوڵدراوە لایەنە پراکتیکیەکانی بەکارهێنانی گرافیک لە بەرهەمهێنانی راپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنیدا روونبکاتەوەو شیکردنەویان بۆ بکات، ئەوداتاو زانیارییانەی کە لەتەوەری پراکتیکیدا توێژەر پێیگەیشتوە ئاماژەیە بۆ ئاستی بایەخ پێدانی کەناڵەکان بەبەکارهێنانی گرافیک لە بەرهەمهێنانی راپۆرتەهەواڵدا، لەهەمانکاتدا بۆ پەیامنێران بەبایەخە، لەبەرئەوە هاوکاریاندەکات لە بەرهەمهێنانی راپۆرتەهەواڵی کاریگەر.

٣-لەرووی میدیاییەوە: لەرووی میدیاییەوە، لێتوێژینەوە لە دیاردەیەکی میدیایی گرنگ دەکات کە لەئێستادا کەناڵەکانی تەلەفزیۆن وەک ژانرێکی گرنگی میدیای بۆهێشتنەوەی بینەر لەدەوری شاشەی تەلەفزیۆن بەکاریدەهێنن، ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری بەکارهێنانی گرافیک دەکات لەو بوارەدا، لەلایەکی ترەوە بایەخی توێژینەوەکە هاوکاری بەکارهێنانی داتا دەکات بۆ سادەکردنەوەی هەواڵە ئاڵۆزەکان لەرێگەی گرافیکەوە.

٤-لەرووی پیشـەییەوە: لە رووی پیشـەییەوە یارمەتیدەرە بۆ زۆری هەواڵ تا بەشـی گرافیکی تەلەفزیۆنەکە ئاسـانتر لایەنە بەهێز ولاوازەکـان دیـاریبکات بۆ سـەرنج راکێشـانی بینەر لەکـاتی بەرهەمهێنانی راپۆرتە هەواڵدا.

٥-بۆ کتێبخـانەی کوردی بەبـایەخە، لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیەکی زانستی لەبواری میدیای بینراودا زیادەکات.

### ١.١.٣ ئامانجی توێژینەوە

ئەنجامدانی هەرتوێژینەوەیەک بۆ چەند ئامانجێک ئەنجامدەدرێت گرنگترین ئامانجەکانی توێژەر لەئەنجامدانی توێژینەوەکە برییتیەلە:

١--خسـتنەرووی ئـاسـتی بەکـارهێنـانی گرافیـک لەلایەن هەرووکەناڵەکەوە لەبەرهەمهێنانی راپۆرتەهەواڵدا؟

٢--زانینی شـێوازی بەکـارهێنـانی گرافیـک لە بەرهەمهێنـانی راپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنیدا؟

٣--نیشاندانی دیارترین جۆری ئەو گرافیکانەی کە هەرووکەناڵەکە لە بەرهەمهێنانی راپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنیدا بەکاریدەهێنن؟

٤- خسـتنەرووی ئـاسـتی کـاریگەری گرافیک لە نـاسـانـدنی زانیارییەکان بە بینەر؟

٥--زانینی چۆنیتی بەرهەمهێنـانی راپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی لەلایەن کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی؟

### ١.١.٤ جۆر و میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، پشت بە رێبازی شیکاری ناوەرۆک دەبەستێت، بەوپێیەی هەوڵێکی زانستی رێکخراوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو داتا و زانیاریانەی کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە دەیخوازێت ، ئەم جۆرە رێباز و مۆدێلە زیاتر لە توێژینەوە میدیاییەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە تایبەتن بە لێتوێژینەوە لە دیاردە میدیایی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان.

### ١.١.٥ ئامرازەکانی توێژینەوە

ئامرازی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەو شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و برییتیە لە فۆرمی شیکاری ناوەرۆک، هەروەها بەرنامەی (Microsoft Excel)بۆ دەرهێنانی رێژەی سەدی دەرئەنجامەکان بەکارهاتووە.

### ١.١.٦ کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە

کۆمەڵی توێژینەوەکە برییتیە لە گشتی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی (RUDAW و NRT)، لە هەرێمی کوردستان، مشتە توێژینەوەکەش برییتیە لە راپۆرتەهەواڵەکانی گشتی کاتژمێر (٨)هەردوو کەناڵەکە لە ماوەی نێوان (٢٠٢٥/١٠/١ بۆ ٢٠٢٥/١٢/٣١)، وەرگرتنی مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە دروستکردنی مانگێکی دەستکرد بەشێوەیەکی زانستی ئاماری کە لەهەرمانگێکدا لەو سێ مانگە دیاریکراوەدا (١٠)رۆژ وەرگیراوە بەم شێوەیە: لە مانگی (١٠) دە رۆژی یەکەم وە مانگی (١١) دە رۆژی دووەم و مانگی (١٢) دە رۆژی سێهەم وەرگیراوە، هەروەها فۆرمی توێژینەوەکە بەشێوەیەک رێکخراوە کە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بێت.

### ١.١.٧ سنوری توێژینەوە

١-سـنوری بابەتی: برییتیە لەو راپۆرتە هەواڵیە تەلەفزیۆنیانەی کە لەگشتی هەواڵەکاندا گرافیکی تیادا بەکارهاتوە.

٢- سنوری شوێن: برییتیە لە هەرێمی کوردستان.

٣- سنوری کات: برییتیە لە (٢٠٢٥/١٠/٢ بۆ ٢٠٢٦/٧/٩ )،ماوەی پێویست بۆ نوسینی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەر.

### ١.١.٨ ئامارە شیکاری توێژینەوە

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان فۆرمی شیکاری بەکارهێناوە. بەسودوەرگرتن لەبەرنامەی(Microsoft Excel)بۆ دەرهێنانی رێژەی سەدی دەرئەنجامەکان بەکارهاتووە.

### ١.١.٩ دیاریکردنی چەمك و زاراوەکانی توێژینەوە

١-ئاسـتـ: برییتیە لەو پێوەرەی کە پێگەو پلەو ریزبەندی لەرووی زۆر و کەمی یان بەرزی و نزمی بابەتێک یان شـتێک بەراورد بەیەکتری دیاریدەکات .

٢-گرافیک: برییتیە لە بەکارهێنانی وێنەوهێڵکاری و شـێوەو رەنگ و دەق و نەخشە و شیکاری و بەکارهێنانی لەچوارچێوەی پەیامێکدا بۆ سادەکردنەوەی هەواڵ و زانیارییە ئاڵۆزەکان، لەپێناو تێگەیشتنی خێرا و دروستکردنی کاریگەری لەسەرهەست و رەفتاری وەرگر.

٣-بەرهەمهێنان: برییتیە لەپرۆسـەی گۆرینی بیرۆکەو رێکخسـتنی لەچوارچێوەی نـاوەرۆکێکی دیاریکراودا بۆ بەرهەمێکی هونەری وبەسـود بەئامانجی دروسـتکردنی کاریگەری و ئاراسـتەکردنی بۆچونی بینەر.

٤-راپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی: برییتیە لەو ژانرە میـدیـاییەی کەلە هەواڵ فراوانترو لە بنکۆڵکـاری بچوکترە وبەدواداچونی ووردی هەواڵ و رووداوێکی جێی بـایەخە، کە بەشـێـوەی مەیدانی لەلایەن پەیـامنێرەوە یـاخود لەلایەن رۆژنـامەنوسـی ژووری هەواڵەوە ئامادەدەکرێت، بەپشـت بەسـتن بەلێدوانی شـایەتحاڵ و لایەنی پەیوەندیدار، بۆ وەڵامدانەوەی رەگەزە هەواڵیەکان، بەتایبەت رەگەزی (چۆن و بۆچی) وە دۆزینەوەی هۆکـاری روودانی رووداوەکە بۆ دەرخستنی راستیەکان، لەماوەی ٢ تا ٣ خولەک پێشکەشدەکرێت.

### ١.١.١٠ توێژینەوەکانی پێشوو

#### ١- توێژینەوە بەزمانی کوردی

توێژینەوەی (ئارام مەحمود ئەحمەد) بەناونیشـانی (رۆڵی گرافیک دیزاین لەگەیاندنی پەیامی پەیوەندیە گشـتیەکاندا)، سـاڵی(٢٠٢٥) وەک بەشێک لە بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەر پێشکەشی بەشی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12575]
- **Submission Date:** [24/6/2026], **Revised Date:** [24/6/2026], **Accepted Date:** [6/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ڕاگەیاندن-پەیوەندیە گشتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بە پشت بەستن بەئامرازی شیکاریە ڕواڵەتی، کۆمەڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە پێگە ئەلیکترۆنیەکانی زانکۆ حکومیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، مشتەی توێژینەوەکە بریتیە لە زانکۆکانی( سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەڵەبجە) لەماوەی نێوان (٢٠٢٤/١٠/١ تا ٢٠٢٤/١٢/٣١)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ڕۆڵی گرافیک دیزاین لەگەیاندنی پەیامی پەیوەندیە گشتیەکاندا، هەروەها زانینی ئاستی کاریگەری گرافیک لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی بەکارهێنەر و دروستکردنی وێنەیەک لەسەر دامەزراوەکە، توێژەر لە توێژینەوەکەدا گەیشتوە بەچەند دەرئەنجامێک لەوانە: لەڕووی ڕووکاری بەکارهێنەرە پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکانی سلێمانی و پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەڵەبجە کەمترین کەموکوڕیان هەیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ گەیشتنی پەیامی پەیوەندیە گشتیەکان، پێگەی هەرسێ زانکۆکە لەدیزاینی پێگەکانیاندا پێکهێنەرەکانی پێگەی ئەلیکترۆنیان بەکارهێناوە، کەخاڵێکی ئەرێنیە بۆ زانکۆکان.

**٢-توێژینەوە بەزمانی عەرەبی**

توێژینەوەی ( د. محمد الفاتح حمدي ) بەناونیشانی ( استخدام الغرافيكس في انتاج البرامج الآخبارية التلفزيونية بقناة الجزيرة الآخبارية)، ئەم توێینەوەیە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە گۆڤاری (الحكمة للدراسات الأعلامية والآتصالية )جەزائیری لە ساڵی ٢٠٢٠، ژمارە (٤) بڵاو کراوەتەوە، توێژەر ڕێبازی وەسفی میتۆدی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتیە لە سەرجەم ڕاگەیاندکاران و بەرهەمهێنەرانی هەواڵی کەناڵی جەزیرە، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتیە لەڕۆژنامەنوسان و مۆنتێرەکان و گرافیک دیزاینەران و بەرهەمهێنەرانی بەرنامەکان لەکەناڵەکە، کەژمارەیان(٦٠) کارمەندو شارەزایانی ناو کەناڵەکە وەک نمونە وەرگیراون، لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژەر بریتیە لە:زانینی ئاستی کارامەیی و شارەزایی کارمەندانی کەناڵەکە لەمامەڵە کردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای گرافیک، دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی کەوادەکات گرافیک ببێتە توخمێکی سەرەکی لە ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و گەیاندنی زانیاری ئاڵۆز، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتوە بریتیە لە: بەکارهێنانی گرافیک بۆتە هۆی خێراکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ و ئاسانکاری بۆ ڕۆژنامەنوسان لەگەیاندنی زانیاریەکان، گرافیک ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەڕاکێشانی سەرنجی بینەران و زیادکردنی ڕێژەی بینەر بەهۆی دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی.

**٣- توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی**

توێژینەوەی ( Rashid, Syazwani, Shahrunizam, Rosli) بەناونیشانی( Narrative Review of Infographic Design, Roles for Economic Broadcast News Reporting in, Malaysia)، ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (٢٠٢٥)ئەنجامدراوە، لەگۆڤاری( International Journal of Art, Design (UAD, university Technology MARA)ژمارە(٢) بەرگی(٩) وەک توێژینەوەیەکی زانستی بڵاوکراوەتەوە، توێژەران میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە، جۆری توێژینەوەکە گێڕانەوەو پێداچونەوەییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرچاوە زانستییەکان، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە کۆمەڵێک کتێبی ئەکادیمی بواری گرافیک دیزاین و توێژینەوەی میدیایی، وتاری زانستی کە لەڕابردوودا بڵاوکراونەتەوە، گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەری ئینفۆگرافیک لە خێرا گەیاندنی زانیاری و هەواڵە ئابورییەکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لە مالیزیا، زانینی بەکارهێنانی شێوازی ئەو ئینفۆگرافیکانەی کە هاوکاری دیزاینەران دەکات کە زانیارییەکان بەشێوەی پەیامێکی ووردو سادە پێشکەشی وەرگر بکەن، ، توێژەر گەیشتوە بەچەند دەرئەنجامێک گرنگترین: لاوازی ڕێنمای تایبەت بە دیزاینەرانی دروستکردنی ئینفۆگرافیک بۆ سادەکردنەوەی زانیارییەئاڵۆزەکان. جەختکردنەوە لە دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان دیزاینەر و زانیاری و گێڕانەوەکاندا.

## ٢. زانیارینامەی توێژینەوەکە

### ٢.١ چەمک و پێناسەی گرافیک

گرافیک ئەو وێنەو دەق و نەخشە و خشتانە دەگرێتەوە کە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان بەکاردەهێنرێت، واتا کارەکە تایبەتە بە سەرجەم ئەو بابەتانەی لەسەر شاشە دەردەکەون جگە لەوێنەی جوڵاو.

گرنگترین تایبەتمەندی بواری گرافیک بەر لە گۆتنبێرگ ئەوەیە هونەرمەندان نەخشەی وێنە، یان هەڵکۆلینی سەر بەشێکی بەردو دیوارەکانەوە بون، ئەم چەمکە لەسەروبەندی فیرعەونەکانەوە دەرکەوت و لەیۆنان و دواتر لە سەردەمی ڕۆمانیەکاندا پەرەی پێدرا، لەسەردەمی نوێدا زاراوەی زمانی بینین (Language of Vision) داهات.ئەوەی گیۆگۆرگی کیپس ی هەنگاری کردی بە ناونیشان، سۆوڵ باس ی کۆچبەری ئەمەریکایی قۆستبۆوە، ئەم زاراوەیە بوە پێگەی گشت گرافیککارانی سینەماو تەلەفزیۆن، لەمیانەی کارەکانی (باس) دا، نەخشەکارانی گرافیک فێری ئەوەبون نمایشی قەشەنگ و سەرنجڕاکێشی وشەو وێنەکان دەبێتە هۆکاری بەخشینی گیانێکی پڕ جوڵەی زیندوانە(ئەلئەمین، ٢٠١٩، ٣٣).

گرافیک بەکارهێنانی وێنەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندی بینراوە بۆ گەیاندنی زانیاری و پەیامێکی دیاریکراو. بە بینەر، بۆ دەرکەوتنی بەشێوەیەکی کاریگەر، هەروەها لە گرافیکدا دەق بە وێنە دادەنرێت لەبەرئەوەی لەئەنجامدا پوختەی هێماکانە( Situmorang,, Wibowo,, Fauzi, 2019, 21)

گرافیک: بریتیە لە کارێکی داهێنەرانە کە دیزاینەر بەبەکارهێنانی هێڵ و شێوەو پیت و وێنەو ڕەنگەکان دەیەوێت پەیامێک بگەیەنێت بەبینەر بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەیەک. (شعراوي، ٢٠٢٠، ١٢).

گرافیک: سەرجەم ئەو نوسین ونەخشەو وێنەو هێڵکاری و خشتانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی جێگیر یان جوڵاو لەسەرشاشەی تەلەفزیۆن دەردەکەون، بۆ بەخشینی زانیاری و شیکردنەوەی هەواڵەکە.(Zittel , 2014, 85)

گرافیک: بریتیە لە دروستکردنی پەیوەندیەکی بینراو کەلەرێگەی بەکارهێنانی هێماو وشەو وێنەوە پەیامێکی دیاریکراو دەگەیەنێت بە بینەر. (Mustafa,Ibrahim,2023, 71)

گرافیک: بریتیە لە بەکارهێنانی توخمە بینراوەکان بۆ ڕونکردنەوەی چەمکەکان و گواستنەوەی زانیاری بەمەبستی بەرهەمهێنانی

گرافیکێکی سەرنجڕاکێش.(Li, Xue, Zhang, Luo, Kong, Huang, 2024,12)

لەئەنجامی تێگەیشتن ووردبوونەوە لەو پێناسانەی سەرەوە توێژەر بەمجۆرە پێناسەی گرافیک دەکات: بریتییە لە بەکارهێنانی وێنەوهێڵکاری و شێوەو ڕەنگ و دەق و نەخشە و بەکارهێنانی لەچوارچێوەی پەیامێکی واتادارد، لەپێناو تێگەیشتنی خێرا و ئاسانکردنی زانیاریە ئاڵۆزەکان و دروستکردنی کاریگەری لەسەرهەست و ڕەفتاری وەرگر.

## ٢.٢ ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی

### ٢.٢.١ چەمک و پێناسەی ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی:

جێرمی بوین، پەیامنێری BBC دەڵێت: ڕاپۆرتەهەواڵ ئەبێت ژمارەیەک ڕووداوی پەیوەست بەیەکەوە لەچەند دیمەنێکی ڤیدۆییدا کۆبکاتەوەو سەورجەم دیمەنەکان لەسەر هێڵێکی چیرۆکئامێز دابڕێژێتەوە، بەشێوەیەک بینەر لەیەکەم دیمەنەوە بگرێت و هەتا کۆتایی لەگەڵ خۆیدا بیبات و لەکۆتایشدا وێنەیەکی ڕوون و تەواوەتی لەبارەی بەبەتەکەوە پێشکەشبکات.(عەبدولڕەحمان، ٢٠٢٠، ٨٣).

زاراوەی ڕاپۆرت لەوشەی ئینگلیزیەوە (Report) وەرگیراوە کە مەبەستی پێداگرتن لەسەر هەواڵەکەو خستنەڕووی وردەکارییەکان دێت، لەزمانی عەرەبیدا بەناوی (تقرير) ناودەبرێت، لە (اقرار)ەوە هاتووە، واتا ئاماژەدان بە هەواڵەکە و خستنەڕووی زانیارییەکان (محەمەد، ٢٠٢١، ٣٠٣)، راپۆرت (Report) لە دوو بەش پێکهاتووە (Re-Port) واتای گەڕانەوەی شتێك دەدات بۆ شوێنی ئەسڵی خۆی، یان هێنانەوەی، (دەیڤید ڕندال) لە کتێبی ڕۆژنامەگەری و پیشەییدا دەڵێت: (ڕاپۆرت لەهەر شێوە و جۆرێکدا لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا زیاتر تایبەتمەندی گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوێکە و لە کورتە چیرۆک دەچێت، بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ چیرۆکدا ئەوەیە، کە ڕاپۆرت دەرکەوتووی ژیانی واقیعی و بابەتییە(ڕۆژهەڵاتی، ٢٠١٣، ٩٧).

ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی کە بە(VT) ناودەبرێت و کورتکراوەی (Video Tape)ە، بەکارهێنانی زاراوەی (ڤی تی)بەو واتایە دێت کە ڕاپۆرتەکە لەسەر کاسێت تۆمارکراوە واتا شریتی وێنە لەسەرگیراو، بەواتای ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی لەسەر شریت یان کاسێت تۆمارکراون (ئەسعەد،، ، ٢٠٢٣، ١١٢)

"مەبەست لە ڕاپۆرت لەڕووی زمانەوانییەوە لە عەرەبیدا وشەی (تقرير) لە وشەی (قرر، يقرر، تقريرا)ەوە هاتووە، بە واتای دانانی شتێک لە جێگەی خۆیدا، یان جێگیربوونییەتی، واتای جێگیربوون وەک (قرر في المكان او عله العمل) بە واتای جێگیربوونی لە شوێنێک، یان دامەزراندنی لە کارێک، هەروەها دەکرێت ڕاپۆرت بەواتای دەرخستن، یان گەیاندنیش بێت".(عبداللة، ٢٠٢١، ١٩).

**ڕاپۆرتەهەواڵ:** بریتییە لە خستنەڕووی زانیاری و شیکارکردنی، هەروەها لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی لایەنێک لە لایەنەکانی هەواڵەکە، هەروەها ڕووماڵی سەرجەم هەواڵەجۆراوجۆرەکان دەکات و زانیاری ورد دەخاتەڕوو(معوض، ٢٠٢٠، ١٨١).

**ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی:** بریتییە لە گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵ بەشێوەیەکی وورد لەگۆشە جیاوازەکانی ڕووداوەکەوە، وە ئامادەکردمنی تێکستەکەو بەیەکەوە بەستنەوەی بەشەکانی لەلایەن ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە و، وە دەربڕینی بۆچونی خۆی بەشێوەیەکی بابەتیانە، وە زۆرترین ماوەی لە سێ خولەک تێناپەڕێت(السعافين، ٢٠١١، ١١٥).

**ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی:** بریتییە لە ڕاکێشانی سەرنجی بینەر بۆناو ڕووداوەکە، هەروەهاڕوونکردنەوەی هەربابەتێکی پەیوەندیدار بە ڕووداوەکە بەشێوەیەکی ئاسان، وە خستنەڕووی بەئاسانی و بێ لایەنانە، وەزۆرترین زانیاری لە شوێنی ڕووداوەکە دەگەیەنێت، لە ڕاپۆرتەهەواڵدا پەیامنێر وێنەی تەلەفزیۆنی بەشێوەی هەنووکەیی و بەکارهێنانی وێنەی ئەرشیفی دەخاتەڕوو، ئەرکی سەرەکی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە و خستنەڕووی لایەنەکانی ڕووداوەکانە(فرحاني، ٢٠١٦، ١٤١).

**ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی:** بریتییە لە ووردبونەوە لەزانیاری و بەدواداچونی هەواڵ و ڕوداوێکی دیاریکراو، کەجێی بایەخی وەرگربێت،کەلەلایەن پەیامنێرەوە ئامادەدەکرێت، بە پشتبەستن بە لێدوانی شایەتحاڵ و لایەنی پەیوەندیدارو دەنگ و وێنەی ڕووداوەکە، بۆ وەڵامدانەوەی ڕەگەزەکانی هەواڵ و بەتایبەت دۆزینەوەی ڕەگەزی (چۆن و بۆچی)، و وەڵامدانەوەی هۆکارو چۆنییەتی ڕودانی روداوەکە، لەپێناو گوستنەوەی ڕاستیەکان کە لەماوەی ٢ خولەک تا ٢،٣٠ خولەک پێشکەشدەکرێت.

لەئەنجامی ووردبونەوەو تێگەیشتن و هەڵێنجان لەو پێناسانە، توێژەر پێناسەی تایبەت بە ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی دەخاتەڕوو، ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنی: بریتییە لە بەدواداچونی ووردی هەواڵ و ڕووداوێکی جێی بایەخ، کە بەشێوەی مەیدانی لەلایەن پەیامنێرەوە یاخود لەلایەن ڕۆژنامەنوسی ژووری هەواڵەوە ئامادەدەکرێت، بەپشت بەستن بەلێدوانی شایەتحاڵ و لایەنی پەیوەندیدار، بۆ وەڵامدانەوەی ڕەگەزە هەوالیەکان، بەتایبەت ڕەگەزی (چۆن و بۆچی) وە دۆزینەوەی هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکە بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان، کەماوەکەی لەنێوان ٢ تا ٣ خولەک پێشکەشدەکرێت

## ٣. پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

دەروازە:

توێژەر لەم بەشەدا دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو، کەپێکدێت لە تیشک خستنەسەر ڕاپۆرتەهەواڵ و گرافیک لە هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنی (NRT, RUDAW)، هەروەها خستنە ڕووی وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە دەربارەی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە.

**خشتەی (١)کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە**

| ناوی کەناڵ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| RUDAW | ٣٠ | ٪٥٠ |
| NRT | ٣٠ | ٪٥٠ |
| کۆی گشتی | ٦٠ | ٪١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) لەهەرکەناڵێکی تەلەفزیۆن (٣٠) گەشتی هەواڵ وەرگیراوە بەیەکسانی واتا هەردوو کەناڵەکە ٦٠ گەشتی هەواڵ وەرگیراوە، کەبریتییە لە گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨) شەو، کەئەوکاتە دیاریکراوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەلایەن هەردووکەناڵەکەوە و شیکاری بۆ ئەنجامدراوە،

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12575]
- **Submission Date:** [24/6/2026], **Revised Date:** [24/6/2026], **Accepted Date:** [6/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

### خشتەی (٢)بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵ لەگەشتی هەواڵەکاندا

| ناوی کەناڵ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| RUDAW | ٢٦٠ | %٤٩ | پلەی دووەم |
| NRT | ٢٧١ | %٥١ | پلەی یەکەم |
| کۆی گشتی | ٥٣١ | %١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢)دەردەکەویت کە هەردوو کەناڵ ژمارەیەکی زۆر و بەڕێژەی جیاواز ڕاپۆرتەهەواڵیان بەرهەمهێناوە، بەپلەی یەکەم کەناڵی NRT گرنگی داوە بەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵ لەگەشتەکانی هەواڵدا، بەپلەی دووەم کەناڵی RUDAW دێت کە لە گەشتی هەواڵەکاندا گرنگی داوە بە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵ.

کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتیە لە گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر ٨ی کەناڵە هەواڵیەکانی هەرێمی کوردستان، مشتە توێژینەوەکەش بریتییە لە کەناڵەکانی (RUDAWو NRT)، لە ماوەی نێوان (٢٠٢٥/١٠/١ بۆ ٢٠٢٥/١٢/٣١)،

### خشتەی (٣) جۆری ڕاپۆرتەهەواڵەکان خراوەتە ڕوو کە هەردوو کەناڵەکە بەرهەمیانهێناوە

| ناوی کەناڵ | ڕاپۆرتەهەواڵی مەیدانی | | | ڕاپۆرتەهەواڵی ماڵەوە ئین هاوس | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| کەناڵی RUDAW | ١٨٠ | %٤٨ | پلەی دووەم | ٨٠ | %٥٢ | پلەی یەکەم |
| کەناڵیNRT | ١٩٨ | %٥٢ | پلەی یەکەم | ٧٣ | %٤٧ | پلەی دووەم |
| کۆی گشتی | ٣٧٨ | %١٠٠ | | ١٥٣ | %١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵی مەیدانی لەهەردوو کەناڵەکە بەپلەی یەکەم دێت لەریزبەندییەکەدا بەرێژەی جیاواز، بەم شێوەیە کەناڵیNRT بەرێژەیەکی زیاتر و بەپلەی یەکەم ڕاپۆرتەهەواڵی مەیدانی بەرهەمهێناوەو کەناڵی RUDAW بەپلەی دووەم دێت لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵی مەیدانیدا،، بەڵام کەناڵی RUDAW بەپلەی یەکەم دێت لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵی ماڵەوە(ئین هاوس)، و کەناڵیNRT بەپلەی دووەم دێت لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵی ماڵەوە(ئین هاوس). ئەوەش ئاماژەیە بۆ گرگیدان بە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵی مەیدانی بەپلەی یەکەم لەلایەن هەردوو کەناڵەکەوە، وەگرگیدان بە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵی ماڵەوە(ئین هاوس) بەپلەی دووەم لەلایەن هەردوو کەناڵەکەوە.

### خشتەی (٤) ئاستی بەکارهێنانی گرافیک لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا خراوەتە ڕوو لایەن هەردوو کەناڵەکە

| ناوی کەناڵ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| RUDAW | ٦١ | %٥٣ |
| NRT | ٥٤ | %٤٧ |
| کۆی گشتی | ١١٥ | %١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) ئاستی بەکارهێنانی گرافیک لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا لەلایەن هەردوو کەناڵ بەڕیژەیەکی بەرز خراوەتەڕوو، کەناڵی RUDAW بەپلەی یەکەم دێت لە بەکارهێنانی گرافیک لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا،هەروەها کەناڵی NRT بەپلەی دووم دێت لە بەکارهێنانی گرافیک لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵی تەلەفزیۆنیدا، ئەوەش ئاماژەیە بە گرنگی بەکارهێنانی گرافیك لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا لەلایەن هەردووکەناڵە تەلەفزیۆنییەکەوە.

### خشتەی (٥)جۆری ئەو گرافیکانە خراوەتەڕوو کە لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا بەکارهاتون لەلایەن هەردوو کەنالەکە

| جۆری گرافیک | کەناڵی RUDAW | | | کەناڵیNRT | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| گرافیکی جێگیر | ٢٧ | %٤٨ | پلەی یەکەم | ٢١ | %٤٣ | پلەی یەکەم |
| گرافیکی جوڵاو، ڕونکردنەوەی ڕووداو | ١١ | %٢٠ | پلەی سێهەم | ١٤ | %٢٩ | پلەی دووەم |
| نەخشەو هێڵکاری، ژمارەو ئامار | ١٧ | %٣٠ | پلەی دووەم | ١٢ | %٢٤ | پلەی سێهەم |
| گرافیکی سێ ڕەهەندی AR/VR | ١ | %٢ | پلەی چوارەم | ٢ | %٤ | پلەی چوارەم |
| کۆی گشتی | ٦١ | %١٠٠ | | ٥٤ | %١٠٠ | |

بەپێێ ئەنجامی خشتەی (٥)دەردەکەوێت بەکارهێنانی گرافیکی جێگیر کەناڵی RUDAW بەپلەی یەکەم دێت، کەناڵی NRT بەپلەی دووەم دێت لەبەکارهێنانی گرافیکی جێگیر، هەروەها لەبەکارهێنانی گرافیکی جوڵاو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان کەناڵیNRT بەپلەی یەکەم دێت و کەناڵیRUDAW بەپلەی دووەم دێت لە ریزبەندیەکەدا بۆ بەکارهێنانی گرافیکی جوڵاو و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان، هەروەها گرافیکی جۆری نەخشەو هێڵکاری و ژمارەو ئامار کەناڵی RUDAW بەپلەی یەکەم دێت و کەناڵیNRT لەپلەی دووەم دێت لەریزبەندیەکەدا بۆ بەکارهێنانی گرافیکی نەخشەو هێڵکاری و ژمارەو ئامار، هەروەها لە بەکارهێنانی گرافیکی سێ ڕەهەندی AR/VR لەلایەن کەناڵیNRT لەپلەی یەکەم دێت و کەناڵی RUDAW پلەی دووەمی وەرگرتوە لەریزبەندیەکەدا لەبەکارهێنانی گرافیکی سێ ڕەهەندی.

هەرەها لەبەراوردکاردنی بەکارهێنانی جۆرەکانی گرافیک لەلایەن هەرکەناڵیکەوە جیاوازە بەشێوەیەک، بەکارهێانی گرافیکی جێگیر

لەلایەن کەناڵیRUDAW پلەی یەکەمی وەرگرتوە و گرافیکی نەخشەو هێڵکاری پلەی دووەمی وەرگرتوە لەلایەن کەناڵیRUDAW، هەروەها بەکارهێنانی گرافیکی جوڵاو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداو پلەی سێیەمی وەرگرتوە لەلایەن کەناڵیRUDAW، هەروەها بەکارهێنانی گرافیکی سێ ڕەهەندی AR/VR پلەی چوارەمی وەرگرتوە لە کەناڵیRUDAW، هەروەها لەلایەن کەناڵیNRT بەکارهێنانی گرافیکی جێگیر پلەی یەکەمی وەرگرتوە و گرافیکی جوڵاو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان پلەی دووەمی وەرگرتوە، لەلایەن کەناڵیNRT، هەروەها بەکارهێنانی گرافیک بۆ نەخشەو هێڵکاری و ژمارەو داتا پلەی سێیەمی وەرگرتوە لەریزبەندیەکەدا لەلایەن کەناڵیNRT، بەکارهێنانی گرافیک سێ ڕەهەندی AR/VR پلەی چوارەمی وەرگرتوە لەلایەن کەناڵیNRT .

**خشتەی (٦) ئامانجی بەکارهێنانی گرافیک لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا خراوەتە روو لەلایەن هەردوو کەناڵەکەوە**

| ئامانجی گرافیک | کەناڵی RUDAW | | | کەناڵیNRT | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| ڕوونکردنەوەی زانیاریە ئاڵۆزەکان | ٣٧ | %٦١ | پلەی یەکەم | ٢٢ | %٤١ | پلەی یەکەم |
| نەخشە، دیاریکردنی شوێنی جوگرافی | ٨ | %١٣ | پلەی سێهەم | ١٥ | %١٨ | پلەی دووەم |
| ناساندنی سەرچاوەو کەسایەتی | ١٤ | %٢٣ | پلەی دووەم | ١٠ | %٢٨ | پلەی سێهەم |
| پرکردنەوەی نەبونی وێنە | ١ | %١ | پلەی پێنجەم | ٥ | %٩ | پلەی چوارەم |
| بۆ جوانی و ڕازاندنەوە | ٢ | %٢ | پلەی چوارەم | ٢ | %٤ | پلەی پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٦١ | %١٠٠ | | ٥٤ | %١٠٠ | |

## ٤. دەرئەنجام:

١-هەردوو کەناڵەکە تائاستێک گرنگیان داوە بە بەکارهێنانی گرافیک لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا.

٢- هەردوو کەناڵەکە زۆرترین جۆری گرافیکی جێگیریان بەکارهێناوە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکاندا.

٣- هەردوو کەناڵەکە بەئاستێکی بەرز گرافیکیان بەکارهێناوە بەئامانجی ڕوونکردنەوەی زانیارییە ئاڵۆزەکان.

٤-بەکارهێنانی گرافیک زانیارییە ئاڵۆزەکان سادە دەکاتەوە، وە تێگەیشتن لای بینەر ئاسانتردەکات.

٥- ڕاپۆرتەهەواڵی مەیدانی زیاتر گرنگی پێدراوە لەلایەن کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە، وەک لەڕاپۆرتەهەواڵی ماڵەوە (ئین هاوس).

٦-کەناڵەکان کەمترین گرگییان بە گرافیکی سێ ڕەهەندی (3D) داوە.

پێشنیاز:

١-توێژەر پێشنیازدەکات کە توێژەرانی بواری میدیا گرنگی بدەن بە توێژینەوەلەبواری گرافیک .

٢- دامەزراوەکانی میدیا زیاتر گرنگی بدەن بە بەکارهێنای گرافیکی جۆراو جۆر لە بەرەهمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا.

ڕاسپاردەکان:

١-توێژەر ناوەندە ئاکادیمی و زانستیەکان ڕادەسپێرێت کە گرنگی زیاتر بدەن بەکارکردن لە بواری بەکارهێنانی گرافیک بەشێوەیەکی زانیستی لە بەش و کۆلێژەکان.

٢-دامەزراوە میدیاییەکان خولی زانستی بەکارهێنانی گرافیک بکەنەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تەکنیکی کارمەندەکانیان بۆ بەکارهێنانی گرافیک لە بەرهەمە میدیاییەکاندا.

## ٥. لیستی سەچاوەکان:


### سەرچاوە کوردییەکان

١- ئەئمین ئیسماعیل،(٢٠١٩)، بۆ وێنە دەنوسین، و.ڕەوف حەسەن، لەبڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ، سلێمانی،چاپخانەی کارۆ.

٢- زریان ڕۆژهەڵاتی، (٢٠١٢)، بنەمای بەرنامەسازی ڕادیۆیی دروستکردنی دیمەنێک لەدەنگ، لە بڵاوکراوەکانی ڕادیۆی نەوا، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی

٣- عبدالرحمان، فەرمان (٢٠٢٣): ڕۆژنامەگەری تەلەفیزیۆنی، بەرهەمهێنانی ڤی تی و دۆکۆمێنتاری، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٤- ئەسعەد، چۆلی (٢٠٢٣): تەلەفیزیۆن هەواڵ و پرۆگرامی هەواڵی، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

### سەرچاوە عەرەبییەکان

١-عبدالله، عدالت، (٢٠٢١)، التقرير الاخبارى التلفزيوني، مفهومه-نشاته- محدداته-بنائه، دار العلوم العربية للطباعة والنشر، بيروت-لبنان.

٢-شعراوي، احمد، سيف الدين سامر، (٢٠٢٠،)التصميم الجرافيكي، منشورات الجامعة الأفتراضية السورية، ديمشق، سوريا.

٣-فرجاني، على (٢٠١٦،): مهارات المراسل التلفزيوني وفن صناعة التقارير الاخبارية، دار امجد للنشر والتوزيع، عمان

٤- معوض، محمد(٢٠٢٠) ، الصحافة الاعلامية وتقنياتها الاتصالية، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان.

٥- السعافين، عبدالله (٢٠٢٠)، كيف تصبح مراسلا تلفزيوني، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

**1-Zettl, Herbert.(2014), Television production Handbook, Twelfth Edition, Cengage Learning, Boston, U.S.A**



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12575]
- **Submission Date:** [24/6/2026], **Revised Date:** [24/6/2026], **Accepted Date:** [6/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**٦. توێژینەوەکان**


توءژینەوە کوردیەکان
١-ئەحمەد، ئارام مەحمود، (٢٠٢٥)، توێژینەوەی بەدەستهێنانی براوانامەی ماستەرە، پێشکەشی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.
توێژینەوە عەرەبیەکان
١-فاتح، حمدي محمد، (٢٠٢٠ )استخدام الغرافيكس في إنتاج البرامج الإخبارية التلفزيونية بقناة الجزيرة الإخبارية. دراسة في عادات وأنماط الاستخدام، مجلة الحكمة للدراسات الاعلامية والإتصالية، مجلد ٨، عدد٢.الجزائر.
.توێژینەوە ئینگلیزیەکان
1-Abdul Rashid, Nur Syazwani, Suleiman, Shahrunizam, Hafizah, Rosli,(2025),Narrative Review of Infographic Design Roles for Economic Broadcast News Reporting in, Design-UAD,International Journal of Art, University Technology MARA
2-Mustafa Baha, Ibrahim Abeer, (2023) Graphic Design and Role of Motion Graphics in Enriching and Promoting Tourism Advertising(, Dirasat.Human and Social Sciences, Deanship of Scientific Research, Al Zaytoonah University of. Jordan,
3- Situmorang, Putri Malum Godiva, Wibowo, Rolland Purnomo, Fauzi ,Fadli, (2019), The Effect of Implementing Graphic Design in digital marketing on sales of products in travel companies, Universities Sumatera Utara, international Conference of Organizational, Indonesia
4-Li,Hong,Xue,Tao,Zhang,Aijia,Luo,Xuexing,Kong, Lingqi,Huang, Guanghui,2023(The application and impact of artifcal intelligence technology in graphic design: Acritical interpretive synthesis.


## مستوى استخدام الرسومات في إنتاج التقارير الإخبارية التلفزيونية
## (مقتطف من بحث من رسالة ماجستير)


**الملخص:**
يهدف هذا البحث معرفة مستوى استخدام الغرافيك في انتاج التقارير التقارير الآخبارية التلفزيونية في النشرات الآخبارية لقناتي تنتمي هذه الدراسة الى البحوث الوصفية، وقد اعتمد فيها على منهج تحليل المحنوى لسحب عينة غير (RUDAW) و (NRT)قصدية خلال أشهر ( ١٠، ١١، ١٢) من عام (٢٠٢٥) وثمل تحليل (٦٠) نشرة أخبارية لكلا القناتين الفضائيتين وذلك تساؤلات الدراسسة بشكل علمي.
تستخدم كلا القناتين الغرافين بنسب متفاوتة في انتاج التقارير الآخبارية، واحتل انتاج، توصل البحث البعدة نتائج، من أهمها التقارير الميدانية المرتبة الأولى في كلا القناتين كما تستخدم القناتان الغرافيك بالدرجة الآولى يهدق توضيح المعلومات الغرافيك المتحرك NRT المعقدة واحتل استخدام الغرافيك الثابت المرتبة الأولى في كلا القناتين، في حين تستخدم قنات (RUDAW)، بينما يقل استخدام الغرافيك ثلاثي الآبعاد في قنات (RUDAW) بشكل أكبر من قناة (3D) والغرافيك ثلاثي الآبعاد .



**الكلمات المفتاحية:** المستوى، الغرافيك، الإنتاج، التقرير الإخباري التلفزيوني.


## Level of use of graphics in the production of television news reports
## (Research excerpted from Master's thesis)


**Abstract:**
This study aims to determine the level of graphics utilization in producing television news reports within the news buletins of RUDAW and NRT channels. This research is descriptivei in nature, employing the content analysis method to examine a purposive(non-random). Sample collected during the months of October, November, and December 2025. The study analyzed 60 news bulletins from both satellite channels (RUDAW and NRT) address it’s were research questions..
The study reached several conclusions, most notably Both channels utilize graphics to varying degrees in news report production Field report production ranked first on both channels Furthemore, both channels primarily use graphics to clarify complex information, The use of static graphics secured the top rank on both channels, however, NRT utilizes animated graphics and 3D graphics more extensively then RUDAW, Whereas RUDAW uses 3D graphics less frequently.



**Keywords :**Level, Graphics, Production, Television News Report